www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 12:55 19-2-2006

# فریشتەی نەخۆش... !! ... م. حەمید عەزیز

## چیرۆکی کورت.

مامۆستا فریشتە زۆر بە تیژی بەرەو مەکتەب ئەهات لەوە ئەچوو ئەمشەو شەڕی بوبێت لەگەڵ حەمە سەعی مێردیا، زۆر سەیرە زۆربەی کات ئەم ئافرەتە تورەو ترۆیە بۆڵەی لێوە یەت بەدەم خۆیەوە زۆر جار قسەئەکات لەوە ئەچێ تەنگ و چەڵەمەی هەبێ، لەگەڵ سێبەری خۆی شەڕدەکات زۆر جاریش مامۆستا ژنەکانی هاوڕێی سەمیرەو گوڵی و نادیە بۆ سوعبەت پێی ئەڵێن

_ خۆزگەم بەمێردەکەت نەبێت، ئەرێ ئەوە چۆن ئەژی لەگەڵ ئەژدیهایەکی وەک و تۆ.. ! بەخوا باوکم هەر لە ئینزیبات ئەچی، تۆ سەیری ئەم قۆڵ و مەچەکە ئەڵێی یاری ئاسن ئەکات.. !.

رۆژێکیان مامۆستا فریشتە زۆر بێتاقەت بوو لەوە ئەچوو باری دەرونیشی تەواو نەبێت ئەو رۆژە وانەی زمانی کوردی پۆلی چوارەمی هەبوو دوای نیوەڕۆ کات ژمێر یەک و نیو بوو لەسەر تەختە رەشەکە نووسی (بابەت کوردی _ وانەی سێهەم _ ساڵی 2_2_1974) مامۆستا لەنوسینەکەی تەواو نەبو بوو گوێی لەپێکەنین بوو، گرژی یەک گرتی و لەپڕ ئاوری دایەوە بینی جەمال لەدوای دواوە دانیشتووەو پێ ئەکەنێ، مامۆستا زۆر تورە ئەبێ و ئەڵێ..

_ جەمال تۆ لەپێشەوە دادەنیشی بۆ چویتە دواوە؟

_ بەخوا مامۆستا حەزم لێرەیە لای عوسمانی هاوڕێم دابنیشم، حەزم لە پێشەوە نی یە.

جەمالی منداڵ حەزی ئەکرد لەلای هاوڕێکەیەوە دابنیشێ چونکە حەزی لەپێشەوە نەبوو، بەڵام مامۆستا تورە بوو جەمالی پەل کێش کرد و لەبەر چاوی قوتابی یەکانی تر دە داری لەناو لەپی جەمال داو، ووتیشی..

_ دانەنیشی سەگباب بەپێوە بووەستە، ئالەویا لای تەختە رەشەکە لەسەر یەک قاچ بووەستەو نەجوڵێی، قاچت دانێی بەم دارە ئەکێشم بەسەرتا،

جەمالی تەمەن دە ساڵ منداڵ بوو نەیئەتووانی زۆر بەپێوە راوەستێ زوو زوو هیلاک دەبوو بەحاڵ قاچی دادەنایەوە مامۆستا فریشتە لێی تورە دەبوو تاوای لێهات هیلاک بوو کەوت ئینجا پێی ووت..

_ برۆ ملت بشکێنە بەڵام نابێ بچیتە دوواوە ئەبێ لەپێشەوە دانیشی.

مامۆستا دووای باس کردنی بابەتەکە چووەوە بۆلای تەختە رەشەکە و پشتی کردە منداڵەکان، جارێکی تر یەکێ لە ریزی دوواوە دایە پرمەی گریان و هاوارو جنێودان بەهاوڕێکەی و ووتی..

_ مامۆستا، حەمەی لە تەنیشتم دانیشتووە چڵمەکەی بەمن ئەسڕێ، هەموو قوتابی یەکان دەستیان کرد بە پێکەنین و بەڵام لەترسی مامۆستا دەستیان ئەگرت بەدەمیانەوە و پێکەنینەکەیان ئەگرت، مامۆستا بەبێ ئەوەی دڵنیا بێت کە وایە یان حسابێک بۆ تەمەنەکەی بکات کەهەموو قوتابی یەکان تەمەنیان لەنێوان نۆ ساڵ و دە ساڵان بوون حەمەی بەشەق و زلە هێنایە دەرەوە و دوای لێدانێکی باش و چەند دارێک بۆ ناو لەپی و دووایی بردی یە دەرەوەی پۆلەکەو بەرەو ئاودەستەکان بردی و ئاودەستەکانیش تۆزێ دوور بوو لە پۆلەکان، کەگەیشتنە ئەوێ حەمەی لەئاودەستێک داناو دەرگای لەسەر داخست و هەرەشەی لێکرد کە بۆی نی یە بەهیچ شێوەیەک بێتە دەرەوە تا خۆی دەرگای لێنەکاتەوە.

مامۆستا زۆر تورە بوو بوو کە گەڕایەوە بۆ پۆل بە قوتابی یەکانی ووت..

_ هیچ و پوچینە هەی سەگبابینە، وەڵا وە بیلا هەرکەسێک هار هاری بکات وەک حەمەی لێ ئەکەم لێدان ئەخوات و دووایش لە ئاودەستەکان سجنی ئەکەم، ئەبێ بێ دەنگ بن لەناو پۆلدا هەتا وانەکە تەواو ئەبێت ئەبێ فزە نەکەن.

پۆلێک دیوارەکانی چڵکن و ساردوسڕ پەنجەرەکانی شکاوو دەرگاکەیشی بێ دەسک بوو کورسی یەکانی کەلەسەری دادەنیشتن پێیان دەووت (رحلە) هەمووی بزمار بوو هەموو ڕۆژێ پانتۆڵی ئەو منداڵانەی دەدڕاند، لەهەمووی خراپتر عەلادینە گەڕەکەی کەماموٚستا لای خۆیەوە دایدەنا کەهەرکەس لایەوە دابنیشتایە لەبەر بۆنی غازو دوکەڵ خۆی نەدەگرت، دارای تەمەن دەساڵ زۆر چوختی بوو ڕۆژێکیان بەماموٚستای ووت..

_ ماموٚستا کەئەوعلادینە دائەگیرسێنی دوای تۆزێ هەموو گێژ ئەبین ئەڵێی لەنادی دانیشتووین سەرخۆش ئەبین بۆیە هیچ فێر نابین. دارا ئەو قسەیەی کرد بۆ ئەوەی ماموٚستاو قوتابی یەکان پێبکەنن، بەڵام ماموٚستا فریشتە تەریقی کردەوە و پێی ووت

_ دانیشە عەمرت نەمێنێ، بۆخاتری سی جزمەی قورعان نەگەیتە بەیانی.

بێجگە لەم هەموو نارێکی یە ماموٚستاش دارێکی پێ بوو هەروەک پۆلیسەکانی پاکستان شانازی بەو دارەوە دەکرد، قوتابی یە منداڵەکانیش لەترسی ئەو دارە هیچ فێر نەدەبوون.

قوتابخانە بەرەو تەواو بوون دەچوو وانەی پێنجەمیش تەواو، قوتابی یەکان هەستیان دەکرد لەزیندان بەردەبن بەخۆشی یەکی زۆرەوە هێرشیان دەبرد بۆ دەرگا گەورەکەی مەکتەب، کە هەر لەدەرگای زیندان و پۆلیسخانە دەچوو بەڵام ماموٚستاکان هەستیان بەوە نەدەکرد کەقوتابی یەکان بۆئەوەندە شەیدای ڕۆیشتنەوەن بۆ ماڵەوە.

قوتابخانە کەسی تیا نەما بێجگە لە مام ڕەحیمی فەڕاش نەبێت، خەریک بوو بەتەواوی دنیا تاریک دەبوو چونکە زستان بوو.

مام ڕەحیم ویستی دەرگای قوتابخانە دابخات و بڕواتەوە بۆ ماڵەوە بەڵام وەک هەستێک کەبەفریای حەمە بکەوێت، مام ڕەحیم بەرەو ئاودەستەکان ڕۆیشت و بەمەبەستی ئەوەی کەئەگەر گڵۆپێک داگیرسابێ بیکوژێنێتەوە یان بەلوعەیەک نەگیرابێتەوە بیگرێتەوە، بەڵام کە مام ڕەحیم نزیک دەبێتەوە لەو شوێنە گوێی لەگریان دەبێت موچڕکێکی پیادێت و تۆزێکیش ئەترسێ هاوار ئەکا و ئەڵێ..

_ ئەوە کێ یە ئەگری بابێتە دەرەوە؟

حەمەی بەسەزمان دێتەدەرەوە لە ئاودەستەکە، بە لام هەموو گیانی دەلەرزێ و پانتۆڵەکەیشی تەڕبوو بوو لەترساندا میزی کردبوو بەخۆیەوە، کەمام ڕەحیم دەبینێ دەست ئەکا بەگریان و ڕائەکات بۆلای مام ڕەحیم تونگ باوەشی پیائەکات

مام ڕەحیمیش دەست ئەهێنێ بەسەریاو پێی ئەڵێ..

_ بۆچی لەگەڵ قوتابی یەکانی هاوڕێت نەڕۆیشتویتەتەوە؟ بۆ ئەگریت و دەلەرزیت؟

حەمەی منداڵ و بەسەزمان بەگریانەوە بۆی ئەگێڕێتەوە کەلەسەرچی و کێ وای لێکردوە

مام ڕەحیمیش ناکاتە نامەردی ئەڵێ..

_ ئای ماموٚستا فریشتە ئەمە ئیشی یەکەم جارت نی یە، شەرت بێ بەشەرتی خوا ئەمجارە بیگەیەنمە پۆلیس و چی ئەبێ باببێ.. !

لە کۆتاییدا دایک و باوکی حەمە ی قوتابی زۆر سوپاسی مام ڕەحیم دەکەن و وەهەروەها پۆلیسیش سوپاسی دەکات. ماموٚستا فریشتەش لەقوتابخانە دەردەکرێ و بۆبەیانی هەموو قوتابی یەکان لە حەمە کۆدەبنەوەو دەست ئەکەنەوە بەیاری کردن.

M_Hamidaziz@homail. com